**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پالپشت بە حوکمەکانی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، بە گوێرەی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران خستییە روو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٤)دا کە رۆژی ٢٠١٢/٦/١١ گرێ درا، بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٦)ی سالی٢٠١٢**

**یاسای راگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی**

**خانووبەرە ژمارە (٩)ی سالی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

کارنەکردن بە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە (٩)ی سالی ٢٠٠٨ درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك سال لە رۆژی ٢٠١٢/٧/١٥.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە کاری پێدەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)، بلاو دەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (17) ی سالی ٢٠١٢ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.